کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 11-11-2007 20:29

# نەعلەت لەشەواڵی شرِم، کوڕی کەس نابێت بە کوڕم ... ستار محەمەد قادر

Star_qadr@yahoo. com

تا جاران بوو ئێمەی کورد زۆر واقیع بینانە لە خۆمانمان دەڕوانی و بەڕاشکاوی دانمان بەوەدا دەنا کە جگە لە کێوەکانی کوردستان، هیچ پشت و پەنایەکمان نییە، لێ ئەمڕۆ لە خوا بەزیاد بێت فرکەی برایەتی دێت بەملاو بەولاماندا، برایەتییەك کە هیچ رایەڵێك بە یەکیانەوە نابەستێتەوە، بۆیە بە دووری نازانم ئەو برایەتییە وەهمییە کێوەکانی کوردستانیشمان لێ حەرام بکات!

من نازانم ئەگەر کورد لە نێو خۆیدا لە بارتەقایدا نەبێت برا بێت، چۆن و بە چ شێوەیەك دەتوانێت لە دەرەوەی خۆیدا برایەتی چێ بکات؟ عەرەبمان کرد بەبرای خۆمان و هەموو کاتێك ستایشی ئەو برایەتییە دەکەین، کەچی ئێستایشی لە گەڵدا بێت تاکە کەسێکیان نابینین ئەگەر لە روو دانەمێنن دان بە تاوان و کارەساتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەدا بنێن، نێزیکترین کەسیان لە کوردەوە دەدوێنیت، ئەگەر پێی شەرم نەبێت ئێمە قەرزار بار دەردەکات و ئەوەی کراوە بە کەمی دەزانن.

ئەمرۆ ئێمە دەمانەوێت هەمان هەڵە لە گەڵ گەلی تورکیادا دووپات بکەینەوە، ئەوان بە هەموو هێزی خۆیان دەقیرِێنن بۆ لەشکرکێشی و داوای لەباربردن و لە ناو بردنمان دەکەن، ئێمەش لە شوێن ئەوەی بیر لەبرایەتی و یەکرِیزی گەلی کورد بکەینەوە، کە جگە لە خواو خۆمان و چیاکان شتێکی دیکە شك نابەین، ئەوا بەم دواییە بەتەماین چیاکانیش لە خۆمان بکەین و کوڕی خۆمان بکەین بە قوربانی ماڵە دراوسێ!

باوەڕناکەم کەس حەز بەبرایەتی نێوانی گەلان نەکات، بەڵام کاتێك برایەتی یان دراوسێیەتی رەواجی دەبێت کە لەسەر حیسابی هیچ لایەك نەبێت، ئەمرۆ لە روانگەی تورکەوە ئێمە لە ئەنفەلۆنزای باڵندە خەتەرترین بۆ ئەوان، بۆیە لە هەوڵی قەلاچۆکردنماندان، ئێمەیش واز لە گوێز ژماردن ناهێنین بۆیان، ئەوان دەڵێن ئێوە سەرچاوەی کێشەن بۆ ئێمە، لە ناوی ئێوە قەڵس دەبین، ئێمەیش هەر شەکریان بۆ دەشکێنین! بەڵام خۆشبەختانە نەك گوێمان لێناگرن، ئەگەر یەکتریش لەبەر خاتری ئەوان قەلاچۆ بکەین، هەر بەکەمی دەزانن!

من دەزانم ئەو زوبانەی ئەوان پێی دەدوێن و سیاسەتی لەسەر دەکەن، زوبانی سەردەمییانەو شارستانییانە نییە، بەڵام ئەمەش بە مانای ئەوە نایات ئێمە لە پێناوی ئەوەی دۆستایەتی خۆمان بۆ ئەوان بسەلمێنین بکەوینە وێزەی یەکتری و یەکتری بشکێنینەوە، چونکە هاوکێشەیەك هەیە کە هەڵە قوبووڵ ناکات، ئەویش ئێمە گەلێکین و بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکەوە گرێمان دەدات، بۆیە لە پێناوی ئەوەی لە دوا چرکەکاندا بە ئەسەفەوە نەڵێین، نەعلەت لەشەواڵی شرِم، کوڕی کەس نابێت بە کوڕم، با بە زوبانی گوڵ لە گەڵ ئەواندا نەدوێین و درکیش نەکەین بە جەستەی خۆماندا، چونکە لە دواییدا پەشیمانی دادمان نادات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.